# ئایا کێشەی دوکتۆر کەمال دەبێتە خاڵی وەرچەرخان

## تەها ئەمین هەڵەدنی

بەڵێ،ئەگەر دەنگ بەرزبکەیەنەوەو پشت لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان بکەین.

بەڵێ، ئەگەر بوێرین خەتە سوورەکان ببەزێنین و ئەو تەلیسمە باوەی جیهانی بونمانی خستۆتە مەترسیەوە بشکێنین.

بەڵێ، ئەگەر خۆمان لە ڕیزی مرۆڤدا ببینین و خۆمان بە کەمتر نەزانین لەئاست کەسانی دی.

بەڵێ،ئەگەر خۆمان بەشایستەی ژیانێکی ئاسودەو بەختەوەر بزانین.

بەڵێ، ئەگەر وێرامان بە زەقی بە پارتی بڵێین ئەمە دیموکراتی نیە، ئەمە دیکتاتۆریەکی زەقە.ئێی خۆ مەتەڵ نیە، کێ جیاوازی نێوان دیکتاتۆر و دیموکراتی ناکا؟

بەڵێ، ئەگەر بمانەوێ لە جێگەی پێویستدا چەپڵە لێبدەین و بەڕەشیش بڵێن ڕەش بە سپیش بڵێین سپی.

بەڵێ؛ ئەگەر وێرامان بە پارتی بڵێین ئێوە لە16 ئابی 1946 وە بەدرۆ ئارمی دیموکراتیتان بەرزکردۆتەوەو خۆشتان باوەڕتان بە دیموکراتی نیە.

بەڵێ، ئەگەر وێرامان بڵێین کە نەچەسپاندنی دیموکراتی دژی خواستەکانی گەلە و دژی نیشتیمان پەروەریە و هاودەنگی چەوسانەوەیە، هاودەنگی داگیرکەرانی کوردوستانە.

ئاخر بەڵگە زۆرن کە دیموکراسی گەلانی جیهانی گەیاندە ئاسۆی بەختیاری و ئاسودەیی.

ئاخر دیموکراسی بوو، وولاتێکی هەژاری وەک سویدی گەیاندە ئاسودەترین گەلانی جیهان.

ئاخر هەر دیکتاتۆری بوو دەوڵەمەندترین وولاتی وەک عێراقی کردە گۆڕستان.

ئاخر هەر دیکتاتۆری بوو دەوڵەمەنترین وولاتی وەک عێراقی کردە جەنگەڵستان.

ئاخر هەر دیکتاتۆریە دەروازە ئاوالا دەکا بۆ جەهل و تەخەلوف.

بەلام ئەوە خەڵکە بڕیار دەدات، کە دیکتاتۆری بژی و نەژی.

لە پێش هەموو کەسێکەوە دۆستەکانی پارتی دەتوانن بڕیاربدەن، کە لاسایی کردنەوەی بەعس و فاشستەکانی تورک بەرەو کارەستامان دەبا. من و تۆش دەتوانین بڕیار بدەین، کە کێشەی دکتۆر کەمال سەید قادر ببێتە خاڵێ وەرچەرخان.

ئەگەر بمانەوێ ؟

دەبا پێکەوە بڵێین، ئەگەر زەڕەیەک وێژادان ماوە،سی ساڵ زیندانی لەسەر نووسین ڕەفتاری بەعسە، لاسایی کردنەوەی فاشستەکانی تورکە.

دەبا پێکەوە بڵێن نفرەت لە دەسەلاتی کوتەک، نفرەت لە قەڵەمەکانی لاسایی کۆنەپەرستی وەک عبدلباری عەنتوان دەکەنەوە.

هەر بۆ زانین حەمە ئاواتی نووسەر لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتەوە بە سەرۆک وەزیرانی سویدی ووت: گەواد. حەمە ئاوات نەک هەر نەگیرا، بەڵکوو کەسیش داوای لەسەر تۆمار نەکرد.
خەڵکی دەربەندیخان شاهید کە ساڵح حاجی حسێن دەربەندیخانی10 جار زیاتر بە بەرچاوی خەڵکی دەربەندیخانەوە بەسەدامی گەواد. بەڵام هەفتەک زیندانی کرا، نەک 30ساڵ.
*خوا بکا وەک شوانەکەی ئەنتۆنی چیخۆف کەمێک غیرەتمان تێدا مابێت.
ئەمە کورتە چیرۆکەی چیخۆف تەنها بۆ ئەوەیە کە گشت بزانن دەتوانین دەسەڵاتداران بە چۆکدا بهێنین ئەگەر بمانەوێت.

## خۆم بوم بە پاشا یا خوا کردمی بە پاشا!*

### نوسینی: ئەنتۆنی چیخۆف

### وەرگێڕانی:تەها ئەمین هەڵەدنی

هەبوو نەبوو پاشایەک بوو،خوێنمژ وەک هەموو پاشاکان،کەللە ووشک وەک هەموو مل هوڕەکان،سادیس وەک هەموو پێغەمبەرکان .ووڵاتەکەی پڕ لە ئاژاوەو کوشتووبڕ.خەڵکەکەش برسیو ڕووتوو ڕەجاڵ.
بۆ ئەوەی خەڵکی سەرگەرمی بابەتێکی لاوەکی بکا،تا بیر لە چارەنوسی خۆیان نەکەنەوە گەڕا،گەڕا ، تا بیرێکی نەفرەت لێکراوی دۆزیەوە.
هات هەموو ڕۆژانی هەینی خەڵکەکەی کۆ دەکردەوەو لێی دەپرسین:من خۆم بوم بە پاشا ،یا خوا کردمی بە پاشا؟
پاشا وتیشی: هەرچی وەڵامی ئەرێ نەبوو،سەری هەڵدەکێشم.هەرچیش وەڵامی زانی دەیبەخشم.
هەینی یەکەم لە جوان ناوێکی پرسی،خۆم بوم بە پاشا، یا خوا کردمی بە پاشا؟
چونکە ناوی خوا لای پاشاکان هەمیشە وێری سەرزمان بوە،جوان ناوەکە یەکسەر بێ یەکوو دوو ووتی: خوا.
پاشا فەرمانیدا: لە سەری دەن.

هەینی ئایندە پاشا هێمای کرد بۆ ژیلوان ناوێک و پرسیارەکەی دوبارە کردەوە:خۆم بوم بە پاشا، یا خوا کردمی بە پاشا؟
ژیلوان ناوەکە،چونکە گوێی لە جوان ناوەکە بوو، وەڵامی ڕاست نەبوو، لە سەریشی درا، بێ یەکوو دوو ووتی :خۆت بووی، خاوەن شکۆ خۆت بووی، بە پاشا .
پاشا فەرمانیدا:لەسەری بدەن.
هەینی پاش هەینی خەڵکەکە توڕەو توڕەتر دەبون،چارەشیان نەبوو،چ بکەن لە گەڵ دەسەڵاتی پاشا!؟
کار گەشتە ئاستێ کە پرانی خەڵک کەسێک یان پڕتریان بوە قوربانی بیری بۆگەنی پاشا.
خەڵکەکە بە ناچاری ڕێگەی نەهاتیان هەڵبژادرو ڕویان کردە چیاو وولاتیان بۆ پاشا بە جێهێڵا.
پاشا وەک نە بای دیبێ نا باران ،لە ڕاو شکاری خۆی نەکەوت،پاش چەندانێ بەخۆیوو دارودەستەکەی ڕویان کردە چیا، بۆڕاو شکار.
یەکێک لە تانجەیەکانی پاشا دوای مامزێک کەوت، مامزەکەش بۆ ڕزگاری گیانی تا تینی بوو تاوی دەدا، تا نەبێتە قاورمەی پاشا.
مامزی بەستە زمانیش لە تاودا خۆیکرد بەناو گەلەمەڕێکی خەڵکە ڕاکردوەکەدا،تا لە دەست تانجی پاشا ڕزگاری بێ.
شوانی گەلە مەڕەکە تانجیەکەی ناسیەوەو تا توانای بوو کەورگێکی کێشا بە قوولە قاپەی تانجیەکەی پاشادا.
تانجیەکەی پاشا بە قوزەقوز گەڕایەوە لای پاسەوانەکان.
پاسەواناکان لە ترسی دڕندەیی پاشا، بە جێگەی گەڕانەوەی تانجیەکەدا ڕۆشتن، تا شواناکەیان دی.
هۆی هۆ شوانە، تانجیەکت نەدیوە لەم ناوە؟
-بەڵێ تانجەکم دی، ناسیمەوە کە تانجی پاشایە،هەتا توانام بوو،بەردێکی خۆشدەستم کێشا بە قوللە قاپەیدا، باوەڕدەکەم قاجیم شکاند!
+شوانەی نەگبەت ئێمە دەبێت بت بەین بۆ لای پاشا،بەلاّم لای پاشا مەڵی من قاجی تانجیەکەتم شکاند.چوونکە پاشا سەرت دەکا .
*هۆ شوانە،تۆ تانجیەکەی من دەناسیەوە؟
-ئەرێ، مەزنێ مە!
*تۆ تانجیەکەی منێ دی؟
بەڵێ گەورەم. زانیم تانجی تۆیە، بۆیە کەورگێکم کێشا بە قوللەقاپەیدا،وابزانم قاجیم شکاند!
*زانیشت تانجی منە، بۆیە قاجیت شکاند؟
*سەیرە!

چەند چاو قایمی!

*من دەبێ سەرت هەڵکەنم شوانە،بەڵام چونکە هێندە چاو قایمی، مەرجی لەدار دانت وەڵامی پرسەکەم بێ ،ئەگەر زانیت.

-بەڵێ گەورەم، زانیم تانجی تۆیە، بۆیە قاچم شکاند!

* بڵێ شوانە: من خۆم بوم بە پاشا یا خوا کردمی بە پاشا؟

هەرچەند تانجیەکەی خۆمم زۆر خۆش دەوێ،بەڵام لێت دەگەڕێم دەتبەخشم ئەگەر وەڵامت زانی.

- قوربان نە خۆت بوی بەپاشا، نە خوا کردویتی بەپاشا!

* شوانە:نە خۆم بوم بە پاشا، نە خوا کردمی؟

ئەدی چەوا بوم بە پاشا؟

- ئێمە تۆمان کرد بە پاشا، ئێمە نەبین تۆ هیچ نیت پاشا، وا نیە پاشا؟

*بژی شوانە،هەڕە ملەت ڕا بێژە بگەڕەێنەوە، لەبەر ئازایەتی و ووشیاری تۆ گەلەیش دەبەخشم.

- قوربان ئێمە هیچ گووناهێکمان نەکردوە تا بمان بەخشی!

*شوانە :دەمدرێژی مەکە،برۆ خەڵکەکە بانگ بکەرەوە!

تێبینی:ئەم کرتە چیرۆکەی چیخۆفم لە نامەی مەردوم بەهاری 1979 بڵاوکردەوە.